

## کوشتاری کرێکارانی مانگرتووی چیمەنتۆی تاسڵوجە

### سەرەتای کۆتایی دەسەڵاتی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردە !

( دەسەڵاتی ئەحزابی ڕاسیستی کورد لە کوردستان دەبێ کۆتایی پێ بێت )، ئەمە وەڵامی دروست و پڕاوپڕی ئەو سەرکوتە بێوێنەیەیە کە دەسەڵاتدارانی کوردستان بەرامبەر کریکارانی مانگرتووی چیمەنتۆی تاسڵودەدا ئە نجامیان دا.

ئەمڕۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان بەهۆی گەندەڵی حزبەکانیان و دەسەلاتەکەیانەوە لە هەموو گۆشەیەکی کوردستانەوە لەلایەن هەموو توێژەکانی کۆمەڵگاوە ڕووبەڕووی نارەزایەتیەکی فراوانی جەماوەری بوونەتەوە. بەڵام زۆر بێ شەرمانە لە ژێر ناوی "کورد نوێنەری کوردە" دا تا ئەمڕۆ درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان دەدەن و لەولاشەوە ڕۆژانەش لەگەڵ خەڵکی کوردستان لە شەڕێکی دەستەو یەخەدان.

مانگرتنی کرێکارانی چیمەنتۆی تاسڵوجە نموونەیەکی ئاشکرای ئەم شەڕە چینایەتیەیە لە کوردستان لە نێوان خەڵك و ئەم دەسەڵاتە گەندەڵەی ناسیۆنالیزمی کورددا.

چاوچنۆکی و چاو پڕ لە خوێنی سەرمایەی میلیشیایی ئەم حزبانە بە ئاستێکە کە یەك ڕۆژ تەحمولی وەستانی کەڵەکەی سەرمایەکانیان و لەکار وەستانی کارگەو و مانگرتنی کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجەیان نەکرد و هەروەکو دەسەڵاتە دیکتاتۆری و سەرکوتگەران پاسەوانەکانیان بەچەکەوە بەردایە گیانی 700 کرێکاری مانگرتووی ئەو کارگەیە ، ئەم تاوانەیان خستە ئەستۆی چەند پاسەوانێك. دوور نیە بڵێن چەند ناحەزێکی تەجروبەکەمان لە پشت شاخی تاسڵوجەوە ئەو تەقانەی لە کرێکارەکان کردووە!

بەرپرسانی ئەم حزبانە بە تاڵان و بڕۆی سەرمایە و داهاتی کوردستان ئەمڕۆ بوونەتە ملیۆنەر و لەگەڵ دەوڵەمەندان و سەرمایەدارانی کوردستان دەستیان تێکەڵ کردووە و کارگەو دامەزراوە ئابوریەکانیان کڕیوەتەوە و میلیشیا و پۆلیس و ئاسایش بۆ پاراستنی سەرمایە و بەرژەوەندیەکانیان بەکاردەهێنن.. ڕووداوی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە نموونەیەکی ئەم دیاردەیەیە. بەهەمان ڕەوشتی دیل کوشتنەکانیان لە شاخ دوور لە هەر پرەنسیپێکی حقوقی ـ سیاسی کرێکارانی مانگرتوویان دایە بەر دەست ڕێژی گوللە.

تاوانی تەقەکردن لە کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسڵوجە لە ئەستۆی دەسەڵاتداران و سەرجەم خاوەنکارانی ئەو کارگەیەدایە و دەبێ لە دادگایەکی ئاشکرادا دادگایی بکرێن.

دەسەلاتێك کە حزبەکانی سەرمایەی وولاتێك تاڵان و بڕۆ بکات و نەیخاتە خزمەتی کۆمەڵگاو بەردەستی خەڵکەوە و هاوکات بە گوللە وەلامی نارەزایەتی جەماوەری خەڵك بداتەوە ، دەبێ کۆتایی پێ بێت.

سامان ئەحمەد

31ـ 7ـ 2006